# ئەوەی هەتە لە کوێت هێنا کەی جێبەجێ دەکرێت؟

*هیشام ئاکرەیی*

کڕین و فرۆشتن و بازرگانی و کارگاو کارخانە و موقاوەلات و هتد. . . . کۆمەڵێ دیاردەی ئاسایی کارن لە ناو هەر کۆمەڵگایەکدا. بۆ بەڕێوە چوونی ئەم کارانە کۆمەڵێ یاسا و داب ونەریتی کار دانراون و هەن بە مەبەستی ڕێگرتن لە فێڵبازی و ئاسانکردنی هاتوچووی سەرمایە و بوونی سیستمێکی دیاریکراوی بەڕێوەبردن. دوورکەوتن و جێبەجێ نەکردنی ئەو یاسا و دابونەریتانە دوورکەوتنە لە دیموکراتیەت و کۆمەڵگای مەدەنی و نزیکبوونەوەیە لە ژیانی سەرەتایی و نەبوونی دەسەڵاتێکی یاسایی. ئاوردانەوەیەک لە سیستەمی ئابووری پەڕێوەبراوی ئەم چەند ساڵەی باشووری کوردستان بدەین دەبینین جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان یاسا ئابووریەکانی سەر کاغەز و دابونەریتە باوەکانی ناو کۆمەڵگا و یاسا باوەکانی ناو بازار. لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان سیاسەتمەداران زیاتر ڕۆڵی چاودێر و ئاگادارکردنەوە و جێبەجێکردنی یاساکان دەگێرن وسیاسەتمەداری سەرمایەدار بۆی نییە لە سیستەمی پەسەندکراوی وڵات لابدات و ئەگەر ئەو حاڵەتەش ڕۆبدات ئەوە دووچاری پرسیارپێکردنی یاسایی دەبێتەوە. لە وانەیە سەرمایەدار هەوڵ بدات لە ڕێگای سیاسەتمەدارانەوە و گۆڕینی یاساکان، بەرژەوەندیەکای خۆی بپارێزێت، نەک ببێتە سەرەوەی یاسا و کەسایتی ئەو لە جێگای یاسابەڕێوەبەرەکان بێت. هەڵبەتە ئێمە ناتوانین باشووری کوردستان بە وڵاتانی ئەوروپا یان هەتا هەندێ وڵاتی ناوچەکەش بەراورد بکەین، چونکە هەرێمی باشووری کوردستان کۆمەڵێک خەسلەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە خودی ئەو تایبەتمەندیانە بارودووخەکە ناسکتر دەکەن و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە ناچاردەکات وشیارانەتر لە هەر وڵاتێکی تر سیستەمی ئابووری خۆی بەڕێوە ببات و یاساکان جێبەجێ بکرێن. هەمووومان باش دەزانین بە شێوەیەکی گشتی مێژوی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان نزیکەی 10 ساڵ دەبێت و دەسەڵاتدارانی سیاسی و بەڕێوەبەرانی هەرێمەکە دەتوانین بیکەینە دوو بەش: یەک سیاسەتمەدار و بەرپرسیار و پێشمەرگەکانی ناو پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا، دوو بەڕێوەبەرە کۆنەکان و دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکانی هەرێمەکە کە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە نەبووە. ئەم مێژویە کورتەی دەسەڵات وا دەکات کە ڕابوردووی هەر یەکێک لەو بەرپرسیارانە ڕۆن و دیار بێت بوو جەماوەری خەڵکی کوردستان و بە ئاسانی گەل دەتوانیت ئاشکەرا بکات لەم ماوەیە کورتەدا کێ دەوڵەمەند بووە و چۆن. هەلبەتە هەر خەباگێرێک مافی ئەوەی هەیە ڕەنجی تێکوشانەکەی بیخوات، بەڵام چۆن و بە چ ڕێگایەک؟ ئایە یاسا و شۆڕش و دەسەڵاتدارێتی بۆی دەستنیشان دەکەن یان بە هەوەسی خۆی؟ ئایە هیچ سنوورێک دانراوە و هەیە و پەسەندەکرێ لە لایەن ڕێبەرانەوە؟ دەوڵەمەند بوونی بە پەلە بەردەوام جێگای پرسیار و گومانە، بە تایبەتی کاتێک داهاتی دارایی ئەو کەسانە سنووردواربێت و وەک مووچەخورێک کاربکات و داهاتی هەبێت. نموونەش زۆرن. هەڵبەتە دەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوان ژیانی باش و بەختەوەر و ژیانی مەلیونێرانە. لە هەمان کاتدا دەبێ جیاوازی دابنرێت لە نێوان بازرگانی یاسایی و بازرگانی کردن بە پیرۆزیەکانی گەل و شۆڕش.

www.kurdistannet.org

شەهیدان و دامودەزگای دروستکراو بوو خزمەتی کەسووکاریان پیرۆزن و جێگای ڕێز و حورمەت و سەروەری هەموو خەباتکارێکن. ئەم ئەزموونە و قوناغی ئەمڕۆی گەلەکەمان هەیەتی و بەدەستەوەیە، بە خوێنی گەشی ئەو شەهیدانە هاتووتە دی. دەبێ ئەو کەسانەی ئەو دەزگایانە بەڕێوە دەبەن کەسانێکی دڵسووز و دەستپاک بن. لە پشتگوێ خستنی چوونیەتی بەڕێوەبردنی ئابووری، ئەزموونەکەمان دەخاتە مەترسییەوە. بە تایبەت لەم بارودووخەدا کە وڵاتانی دەوروبەر زیاتر لە هەموو کاتێکی تر پیلان دەگێرن بۆ لە ناوبردنی ئەزموونەکەمان. دروستکردنی پارت و ڕێکخراوی گومانلێکراو و ئەنجامدانی کاری تیرۆر لە باشووری کوردستان بەشێکن لەو پیلانانە. بەڵام بۆ ئەو پارتە گومانلێکراوانە (وەک پشتیوانانی ئیسلام) هەنە و هەندێکیان گەشەش دەکەن؟ بە دیتنی من بەشێکی هەرە گەورەی هۆیەکان دەگەڕێتەوە بۆ چوونیەتی بەڕێوەبردنی ئابووری هەرێمەکە. ئەو پارتە گومانلێکراوانە بە ئاسانی دەتوانن ئەرگیومنت و دعایە دژی دەسەڵاتداریەتی بکەن و باوەڕپێکردنیان ئاسانە چونکە نموونە لە سەر خاک هەیە. هەلبەتە کەسانی ئاسایی نیازە گڵاوەکانیان نازانێ و لێکیشی نادادەتەوە. بەڵام بۆ دەسەڵاتدارێتی باشووری کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دەرفەت دەدات هەندێ کەسان بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی خۆیان زیان بگەیەنە ئەو ئەزموونە پیرۆزە؟ و بۆ دەزگاکانی خاوەن پەیوەند بەو بابەتەوە ڕابوورت بەرز ناکەنەوە؟ بەر لە ئێستا بە چەند ساڵێک لە سەر ئاستێکی بەرز بڕیار درا لێپرسینەوەیەک بکرێت و داوا لە هەموو دەوڵەمەندەکانی نوێ و کۆنەکان دەکرێت سەرچاوەی پارەکانیان دەستنیشان بکەن. ئەگەر ئەو کاتە ئەو بڕیارە جێبەجێ کرابا ێستا لە بارودووخێکی تردا دەژیاین. ئێستاش ئەو پرسیارە دوبارە دەکەمەوە، ئەوەی هەتە لەکوێت هێنا؟

www.kurdistannet.org